راگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە دەربارەی

# دانیشتنی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران وحیزبی دیمۆکراتی کوردستان

لە سەر بانگهێشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان رۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی۳ جۆزەردانی ۱۳۸۷ بەرامبەر بە ۲۰۰۸/۵/۲۵ی زایینی، وەفدی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە سەرپەرشتی هاوڕێ عەبدوڵلا موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵە، بە سەردانێکی رەسمی گەییشتنە بارەگای ناوەندی حیزب لە کۆیە و لە لایەن بەڕێزان کاک خالید عەزیزی وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندی و کاک کەماڵی کەریمی جێگری سیاسی سکرتێری گشتی، کاک حەسەن قادرزادە و کاک قادر وریا ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کاک عومەر باڵەکی ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پێشوازیان لێکرا.

لە دانیشتنەکەدا بارودۆخی ئێستای ناوچەکە و ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی درانەبەر باس و لێکۆڵینەوە. لە درێژەدا ئەرکە هەنووکەیی و گرینگەکانی بزووتنەوەی حەقخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران تاووتوێ کرا و هەروەها هەدوولا هاوکاری نزیکی هەرچی زیاتری نێوان حیزبە کوردستانیەکانیان بە پێویست زانی و لە سەر پەرەپێدانی ئەو جۆرە پەیوەندیانە لە داهاتوودا جەختیان کردەوە.

لە کۆتایی دانیشتنەکەدا کە ۳کاتژمێری خایاند، هەدوولا رەزامەندی و خۆشحاڵی خۆیانیان لە باسەکان دەبڕی و وەفدی کۆمەڵە لە کەش وهەوایەکی دۆستانەدا لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بەڕێ کرانەوە.

**سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**۲۶/۵/۲۰۰۸**



Web: www.komala.org
E-mail: secretariat@komala.org